# ١. ئەفریقیا

# جوگرافیای کیشوەری ئەفریقیا

- ئەفریقیا دووەم کیشوەری جیهانە لە ڕووی گەورەی ڕووبەرەکەی پاش کیشوەری ئاسیا ڕووبەرەکەی 30,2 ملیۆن کم دووجایە کە هەموو ڕووبەری کیشوەرەکە و دوورگەکانی دەورووبەری دەگرێتەوە
- ئەفریقیا نزیکەی 6% ڕووبەری زەوی پێکدێنێت وە لە 20,4% ڕووبەری وشکانی پێکدێنێت
- ژمارەی دانیشتوانی 1,2 ملیارکەس دەبێت بەپێی داتاکانی سالی 2016 کە لە14,8% دانیشتوانی جیهان پێکدێنێت وە نزیکەی 61 هەرێمی تێدایە
- ئەفریقیا لە باکور لەگەل دەریای ناوەڕاست و لەباکوری ڕۆژهەلات لەگەل دەریای سور و نۆکەندی سوێس و لە باشوری ڕۆژهەلات لەگەل زەریای هیندی و لە ڕۆژئاوا لەگەل زەریای ئەتلەسی هاوسنورە
- بەشێوەیەکی گشتی ئەفریقیا لە 54 ولات پێکدێت جگە لەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە وەکو دوورگەکانی مەدەغەشقەر

- بەپێی هەندێک سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ئەفریقیا نیشینگەی سەرەکی مرۆڤە
- بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان کۆنترین شوێن لە ئەفریقیا ولاتی ئەثیوبیایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ200 هەزارسال پێش زاینی
- ئەفریقیا یەکێکە لەو کیشوەرانەی کە جۆرەها ئاو و هەوای تێدایە بەهۆی گەورەی ڕووبەرەکەی
- جەزائیرگەورەترین ڕووبەری هەیە لە ئەفریقیا کە ڕووبەری 2,381کم دووجا پاشان کۆماری کۆنگۆی دیموکرات کە ڕووبەری 2,345کم دووجا وە بچوکترین ڕووبەر لە ئەفریقیا ناوچەی سیشێلە کە کۆمەلە دوورگەیەکە دەکەوێتە کەناری ڕۆژهەلاتی ئەفریقیا
- ئاووهەوای ئەفریقیا کاریگەرە بە ئاووهەوای هێلی یەکسانی و اتا سارد لە زستاندا وگەرم و باراناوی لە هاویندا کە لە هەردوو وەرزەکە باران دەبارێت بەلام لە هەمانکاتدا لەسەرهێلی کەمەرەیی کە ناوچەی هێلی بەفری هەمیشەی لەلوتکەی چیاکان هەیە
- بەشی باکوری ئەفریقیا ناوچەیەکی بیابانیە بەلام ناوەڕاست و باشوری بریتین لە هەرێمی باراناوی و داپۆشراوبە بەرگی ڕووەکی جۆراوجۆر

- له ئەفریقیا دیاردەی جیمۆفۆلۆجی جۆراوجۆر هەیە وەک (بان،ڕووبەری دەشتای گەورە ،لوتکەچیا،تاڤگە،ڕووباری گەورە) لەخۆدەگرێت کە گەورەترینیان ڕووباری نیلە
- ئەفریقیا یەکێکە لە ناوچانەی کە جۆرەها گیانداری تێدایە لەو انە[شیردەرەکان،نینۆکدارەکان]
- ناوەڕاستی ئەفریقیا نیشینگەیەکی تایبەتی [مار،مەیمونە] هەروەها بەناوبانگە بەوەی کەوا تیمساحی جۆراوجۆری تێدایە بەهۆی بوونی ڕووبارو زۆلکاوەکان
- پێناسەی وشەی ئەفریقیا [ئەفریقیا لە وشەی ئەفارهاتووە کە بەمانای تۆزوخۆل دێت ئەمەیان لەسالی 1981 لێکۆلینەوەی لەسەرکراوە وە بەپێی هەندێک سەرچاوەی تر پێیان و ایە وشەی ئەفربەمانای ئەشکەوت دێت وە بەپێی سەرچاوەی تروشەی ئەفر و اتا ئەوڕووبەرەی دەکەوێتە نێوان جەزائیرو تەڕابلوس وە هەندێک سەرچاوەی ترپێیان و ایە ئەفری و اتا شوێنە کەناریەکان وقیا و اتا ناوچەی بیابانی
-

# مێژووی کیشوەری ئەفریقیا

- لەسەردەمە جیۆلۆجیە کۆنەکان ئەفریقیا بەشێکبووە لە کیشوەری گەورە کە پێی دەوترا(بیجو انا) پاشان بە تێپەڕبوونی کات ئەفریقیا بووە بە کیشوەرێکی سەربەخۆ یەکێک بووە لەو ناوچانەی کە جۆرەها دایناسۆری تێدا ژیاوە بەلگەش لەسەرئەمە دۆزینەوەی پاشماوەی پەیکەری ئیسقانی دایناسۆرە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم پاشماو انە لە باشور و باکوری ئەفریقیا دۆزراونەتەوە
- بەپێی سەرچاوە جیۆلۆجیەکان دوورگەکانی مەدەغەشقەر لە ئەفریقیا جیابۆتەوە نزیکەی 150_160 ملیۆن سال لەمەوبەر
- بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان ئەفریقیا شوێنگەی مرۆڤە بەرلە 805ملیۆن سال لەمەوبەر
- شارستانیەتەکان لە ئەفریقیا پەیدابوونە بە نزیکەی 7 هەزار سال پێش زاینی پاشان ئەم شارستانیەتانە لە ئەفریقیا جۆرێک لە ڕۆشنبیریەتی و گرینگیدان بەخوێندن و ئاوەدانکردنەوە ڕووی لەم ناوچەیە کردووە
- بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان ئەفریقیا پێش 500 چەندەها شارستانیەتی پێشکەوتووی هەبووە کە پاشماوەی شارستانیەتە کۆنەکانن

- بەپێی هەندێک لە سەرچاوە مێژوویەکان لە ئەفریقیا نزیکەی 90تا130 هەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤی ژیر لە ئەفریقیا هەبووە پێش ئەم سەردەمە زیاتر پشتیان بە بەردەکان دەبەست بۆ دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ
- بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان نزیکەی 40 هەزارساڵ لەمەوبەر ئەفریقیەکان پشتیان بە کۆکردنەوەی بەرووبووم و گرینگیان بە ڕاوکردن داوە
- بەپێی هەندێک سەرچاوەکان نزیکەی 13تا16 ساڵ پێش ئێستا کەش و هەوای ئەفریقیا گەرمترو وشکتر بووە

## I. قۆناغە مێژوویەکانی ئەفریقیا

1. بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان ئەفریقیا بەشێکبووە لە کیشوەری گەورە [بنجوانا] کە لەوسەردەمەدا دەیناسۆر لە ئەفریقیا ژیاوە
2. بەلگە زانستیەکان ئەوە دەسەلمێنن پێش 150_160 ملیۆن سال لەمەوبەر دوورگەکانی مەدەغەشقەر لە ئەفریقیا جیابۆتەوە
3. بەپێی هەندێک لەسەرچاوە مێژوویەکان کیشوەری ئەفریقیا چەند هەزارسال لەمەوبەر مرۆڤ لێبووە پاش تەواوبوونی چاخی سەهۆل بەندی ئەفریقیا گۆڕاوە بۆ بیابان هەرلەبەرئەم هۆکارە خەلکی باکوری ئەفریقیا بۆ بەردەوامی ژیانیان پەنایان بۆ ڕووباری نیل بردوە
4. 3300 سال پێش زاین جۆرەها شارستانیەت لە ئەفریقیا هەبووە وەک پەیدابوونی فیرعەونەکان و دروستکردنی هەرەمەکان و مۆمیاکردنی مرووەکان
5. لەنێوان سەدەی 18 و 19 ئەفریقیا بریتیبووە لە چەند هەزارمەرێمێک بەشێوەیەکی نۆرمال ژیانیان بەڕێکردووە
6. لە سالی 1914 داگیرکاری ئەورووپا بۆ ئەفریقیا دەستی پێکرد کە تەنیا ولاتی ئەثیوبیا و لیبیرا داگیرنەکرا لە سالی 1951 ولاتی لیبیا سەربەخۆبووە و لەسالی 1956 ولاتی مەغریب داگیرکراوە ئێستا ئەفریقیا لە 54 ولاتی سەربەخۆ پێکهاتووە بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەلەیان لەگەل دەکرێت و لە ڕێکەوتنی نێودەولەتی بەشدارن

# ڕامیاری کیشوەری ئەفریقیا

١. یەکێتی ئەفریقیا لە ساڵی 2001 دامەزراوە و سەرپەرشتی کاروباری ڕامیاری هەموو وڵاتە ئەفریقیەکان دەکات

2. کاری یەکێتی ئەفریقیا بەرگریکردنە لە مافی ڕەوای هەموو خەڵکی ئەفریقیا هەرووەها حکومەت و پەرلەمانی تایبەتی خۆی هەیە کەلە ڕێگەی هەموو پەرلەمانەکانی ئەفریقیاوە هەڵدەبژێردرێت

3. سەرەڕای هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمانی ئەفریقیا دەستەی بەڕێوەبردن کاروبارەکان لەگەڵ پەرلەمان بەڕێوە دەبات

4. دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمانی یەکێتی ئەفریقیا بەشێوەیەکی سەرەکی لە یاسای یەکێتی ئەفریقیاوە بۆ دیاریکرنی پرۆتۆکۆلی تایبەتی خۆی هەیە

5. یەکێتی ئەفریقیا چەندەها دەزگاویەکەی تایبەتی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان هەیە کە پێکدێن لە چەندەها لیژنەی جۆراوجۆر و دامەزراوەی تایبەتی و هەرووەها خەڵکی شارەزا لەم بوارەدا کاردەکەن

6. یەکێتی ئەفریقیا هەردەم هەولدەدات کێشەی نێوان وڵاتە ئەفریقیەکان چارەسەربکات و مافی مرۆڤ جێبەجێ بکات و کێشەی ئابووری هاوسەنگ بکات

# زانیاری لەسەر ئەفریقیا

1. ڕووبەری ئەفریقیا نزیکەی یەک لەسەرپێنچی هەموو جیهانە
2. لە ئەفریقیا نزیکەی 1500 زمان هەیە
3. لە ئەفریقیا ئاینی سەرەکی ئاینی ئیسلامە کە ئاینی هەموو نەتەوەکانە و زمانی عەرەبی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە
4. ڕووباری نیل یەکێکە لە درێژترین ڕووبارەکانی جیهان کە دەکەوێتە کیشوەری ئەفریقیا کە درێژیەکەی 6650کم
5. تاڤگەی ڤیکتۆریا کە یەکێکەلە حەوت شتە سەرسوڕهێنەرەکەی جیهان دەکەوێتە کیشوەری ئەفریقیا لەسنوری نێوان زامبیا و زیمبابۆی
6. گەورەترین ولات لە کیشوەری ئەفریقیا ولاتی جەزائیرە کەڕووبەری 2,381 کم دووجا وە خاوەنی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانە کە 33 ملیۆن کەسە وە لە باکور لەگەل دەریای ناوەڕاست و لە ڕۆژهەلات لەگەل لیبیاو تونس و لە باشور لەگەل مالی و نەیجیریا و لە ڕۆژئاواش لەگەل مەغریب و مۆریتانیا هاوسنورە پایتەختەکەشی ناوی جەزائیرە
7. بچوکترین ولات لە ئەفریقیا ولاتی غامبیایە کە ڕووبەری 10210کم دووجایە و ژمارەی دانیشتوانی 2,5ملیۆن کەسە وچڕی دانیشتوانی 239کەسە لە 1کم دووجا و لە ڕۆژئاوا لەگەل زەریای ئەتلەسی و ولاتی سەنیگال سنورەکانی تری پڕدەکاتەوە

# سەرهەڵدانی شارستانیەکان لە ئەفریقیا

1. بۆیەکەمجار نوسین لە ئەفریقیا پەیدابووە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ3300سال پێش زاینی
2. نوسین بۆیەکمجارلەباکوری ئەفریقیا لەلایەن میسریەکۆنەکان بەکارهاتووە وە فیرعەونەکان کۆنترین شارستانیەتی جیهانە کە تا ئێستاش ماوەتەوە
3. دۆزینەوەی شارستانیەتەکانی ئەفریقیا بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن یۆنانی و ڕۆمانیەکانەوە دۆزراوەتەوە
4. لە سالی 332ی پێش زاین میسر لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنی ڕزگارکرا لە ژێر دەستی فارسەکان پاشان شاری ئەسکەندەریە کرا بە یەکێک لە شارە پێشکەوتووەکانی میسر
5. ڕۆمانیەکان ولاتی تونسیان داگیر کرد بەمەبەستی بلاوکردنەوە ئاینی مەسیحیەت لە یۆنانەوە بۆ میسر پاشان بۆ تونس پاش داگیرکردنی تونس لەلایەن ڕۆمانیەکان هەولیانداوە بەشوەیەکی گشتی بیخەنە ژێرکۆنترۆلی خۆیان لە ڕووی ئابووری و ئاینی وڕۆشنبیری پاشان لەسەدەی 7 زاینی خەلافەتی ئیسلامی ئەم ناوچانەی ڕزگارکرد پاشان ئاینی ئیسلام بووە ئاینی سەرەکی لەم ناوچەدا وە ئاینی ئیسلام گوازر ایەوە بۆ باشوری ئەفریقیا بەهۆی بازرگانی و کۆچکردن

# دەسکەوتەکانی شارستانیەکان لە ئەفریقیا

1. بلاوبونەوەی زانست نمونە /زۆرینەی زاراوەی زانستی کە تائێستاش بەکاردێت لە کتێبە زانستیەکان بریتین لە زاراوەی یۆنانی لە زانستەکانی فیزیا و بایۆلۆجی لەم بواردا شارستانیەکان پاشماوەی باشان بەجێهێشتووە لە ئەفریقیا وەک ئەنجامێکی باش لە ئەفریقیا ماونەتەوە

2. زانستی ڕامیاری / یۆنانیەکان یەکێکن لەودەستپێشخەرانە دادەنرێن کە توانیان سیستەمی حوکمڕانی بنوسنەوە وە بکرێت بە سیستەمێکی جیهانی نمونەش بۆ ئەمە کتێبەکەی ئەفلاتونە کەلە بواری کۆماری نوسیویەتی

3. بیرکاری / یۆنانیەکان لەم بوارەدا لە بەدیهێنانی بیردۆزی جۆراوجۆر یەکەمن نمونەش بیردۆزەکەی فیساگۆرسە

4. وەرزش / یۆنانیەکان لەم بوارەدا ڕۆلی سەرەکیان هەبووە بۆ بەدیهێنانی وەرزشی جەستەی کە تا ئێستاش ماوەتەوە وەک ماراسۆن و ئۆلۆمپیاد

5. مێژوو/یۆنانیەکان لەم بوارەدا چەندەها ڕۆژنامەنوسی جۆراوجۆری هەیە وەک هیرۆدۆت و زینۆمۆن لە کتێبەکانی ئەم دووەدا هەموو جەنگەکان کەبەسەرئەفریقیا هاتووە نورسراوەتەوە

6. شیعرنوسین / یۆنانیەکان گرینگیان بە نوسین و شیکردنەوەی هۆنراوە بە شێوەیەکی مەنهەجی وەک ئەرستۆ و ئۆدیس

# ئابوری کیشوەری ئەفریقیا

- ئەفریقیا سەرەڕای ئەوەی دەرامەتی سروشتی هەیە بەلام بەیەکێک لە هەژارترین کیشوەرەکان دادەنرێت لەبەرچەند هۆیەک

1. بلاوبونەوەی نەخۆشی کوشندەی جۆراوجۆر وەک (ئایدز،مەلاریا)
2. بوونی نادادپەرووەری لەلایەن حکومەتەکانی ئەفریقیا وپێشێلکردنی مافی مرۆڤ
3. نەبوونی هیچ پلانێکی مەرکەزی بۆ بەڕێوەبردنی ولات
4. بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ولاتەکانی ئەفریقیا
5. کەمی دەرامەتی بازرگانی نێودەولەتی وەک [دۆلار،یۆرۆ] لە بەکارهێنانی بازرگانی
6. بوونی کێشەی تیرەی ونەتەوەی لە نێوولاتە ئەفریقیەکان

- بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەفریقیا کاریگەرن بە بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری و خۆراک وخراپی ونەبوونی کەرتی تەندروستی پێشکەوتوو لە سالی 2008 بەپێی لێکۆلینەوەک هەرتاکێک لە ئەفریقیا داهاتی ڕۆژانەی 1 دۆلارە واتا لە 50% خەلک لەژێرهێلی هەژاریدان لە سالی 1996 ئەم ڕێژەیە گەیشتە 58%

- تێکڕای داهاتی هەرتاکێکی ئەفریقی 70 سەنتە لە ڕۆژێکدا ئەم لێکۆلینەوەیە لە سالی 2003 کراوە لەبەر ئەوهۆکارانەی کەباسکرا لە هەانکاتدا لە نێوان سالانی 1995 تا 2005 لە ئەفریقیا گەشەی ئابووری بەڕێژەی 5% زیادیکردووە ئەویش لە ئەنجامی دەرهێنانی مادەی پڕۆتۆکلیەکان وەک [نەوت،گاز]
- لەسالی 2007  ولاتی چین پەیوەندیەکی ئابوری بەهێزی دروستکرد لەگەل ولاتە ئەفریقیەکان

# گرینگترین دەرامەتەکان لە ئەفریقیا

1. لەهەرگرینگترین داهاتەکان بریتیە لە داهاتی کەرتی کشتوکالی کە نزیکەی 20%تا60% داهاتی زۆرینەی ولاتە ئەفریقیا پشت بە کەرتی کشتوکال دەبەستێ بەرووبوومەکان وەکو ( کاکاو،هەنجیر، مۆز، خورما،ئەنەناس)
2. کیشوەری ئەفریقیا دەولەمەندە لەبواری دۆزینەوەی کانزا گرینگترن بەرهەمە کانزایەکان [یۆرانیۆم لەولاتەکانی نامبیا،باشوری ئەفریقیا،نەیجیریا] بەپێی هەندێک لە لێکۆلینەوەکان لە کیشوەری ئەفریقیا 18%یۆرانیۆمی جیهان بەرهەم دەهێنێت و لە 20% زێری جیهان بەرهەم دێنێت وە لە 38%کرۆمی جیهان بەرهەم دێنێت وە هەروەها ئەلماسیش لە چەند ولاتێکی ئەفریقیا بەرهەم دێتت
3. لە ئێستادا لە هەندێک لەولاتە ئەفریقیەکان لە پێشکەوتنێکی باشن و بەپێی لێکۆلینەوە ئابوریەکان مەزندەدەکرێت لە ساڵی 2050 نزیکەی 29 ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی بکەوێتە بازاڕەکانی ئەفریقیا لەسالی 2019 ڕێژەی 1,3ترلیۆن دۆلاری ئەمەریکی لە ئەفریقیا هەبووە
4. بەپێی هەندێک لێکۆلینەوە مەزندەدەکرێت لەسالی 2050 کیشوەری ئەریقیا باشترین دەرفەتی وەبەرهێنانی تێدا پەیدادەبێت وە مەزندەدەکرێت ببێتە ناوەندێکی کارکردن بۆئەوانەی تەمەنیان کەترە لە 25سال هەروەک باسکرا چەند هۆکارێک هەیە ڕێگری لە پێشکەوتنی گەشەی ئابوری دەکەن ئەگەرنا کیشوەرەکە دەرامەتی زۆرباش وتوانای گۆڕانکاری هەیە

# گەشەی ئابوری لە ئەفریقیا

1. ئەفریقیا بەهۆی ئەوەی کەوا نیشینگەیەکی کۆنی مرۆڤایەتیە بەهۆی شەپۆلەکانی کۆچکردن لە زۆربەی شوێنەکانی دوونیا ڕوویانتێکردوە ئەم فاکتەرە کاریگەری لەسەرگەشەی ئابووری ولاتە ئەفریقیەکان هەبووە

2. لەقۆناغە سەرەتایەکاندا گرینگی زۆریان بە ڕاوەماسی داوە وە بازرگانی بەم بوارە کراوە

3. زاناکانی شوێنەوارناسی چەندەها ناوچەی جۆراوجۆریان دۆزیوەتەوە هەروەها پاشماوەی کالایان دۆزیوەتوە کەوا بەلگەن لەسەر ئەوەی کەوا بازرگانی بەم کالایانە کراوە وەکو دۆزینەوەی دراوی جۆراوجۆر یاخود دۆزینەوەی پاشماوەی خەزێنەکان

4. لە سالی 1062 ولاتی غانا لەوسەردەمەدا تو انی گەشەی ئابوری وڕامیاری وکۆمەلایەتی لەم ولاتە دروستبکات تەنانەت ئەوکات غانا خاوەنی 200 شارەزای سەربازی بووە

5. ولاتە ئەفریقیەکان بەشێوەیەکی گشتی پشت بە هەناردەکردنی مادەی خاودەبەستن ئەم ولاتانە پشتنابەستن بە مادەی پیشەسای بەلکودەینێرنە دەرەوە ئەمە کاریگەری لەسەرئابوری ئەفریقیا هەیە چونکە مادەکان خاوەکان هەناردەکراوەکان بەهەرزان دەنێرنە دەرەوە وە کالا هاوردەکراوەکانیش بە نرخێکی گرانتر دەهێنن

# پێشهاتە ئابوریەکانی ئەفریقیا

- باری ئابوری بەشێوەیەکی گشتی لە سالی 2011 لە ئەفریقیا گۆڕانکاری خراپی بەخۆیەوە بینی بەهۆی دروستبوونی [بەهاری عەرەبی] پاش ئەنجامدانی لێکۆلینەوەیەکی ئابوری دەرکەوتووە لەنێوان 2010 تا 2011 گەشەی ئابوری لە 5%بووە 3,4% لە هەمانکاتدا لە نێوان سالی 2012تا 2013 لە ئەنجامی دروستبوونی هەندێک گۆڕانکاری و باشبوونی باروودۆخی ئەمنی گەشەی ئابوری لە 4,5%بووە بە 4,8 چونکە لم ماوەیەدا داواکاری بۆ کڕینی کالاکان کەمبۆتەوە ئەمەش سروشتی مرۆڤە لەسەرتاسەری جیهان
- بەشێوەیەکی گشتی لە ئەفریقیا پشتدەبەسترێ بە بازرگانیکردن وپیشەسازی وگەشەی کشتوکالی وە هەروەها دەرامەتی مرۆی وکەرتی گەشتوگوزار بەپێی هەندێک لە داتاکان لەسالی 2012 ژمارەی دانیشگتوانی ئەفریقگیا 1ملیارکەس بووە
- بەپێی ڕاپۆرتێکی سالی2013 ئەفریقیا یەکێکە لەهەژارترین کیشوەرەکان چونکە داهاتی ڕۆژانەی تاک یەکسانە 1دۆلار
- لەسالی 2013 گەشەیەکی ئابوری گەورە لە ئەفریقیا ڕوویدا بەڕێژەی 5,6 % بەپێی ڕای پسپۆڕانی ئابوری ئەم ڕێژەیە لەسالی 2023 بگاتە 6% ئەوولاتانەی دەکەونەناوەڕاستی ئەفریقیا ڕێژەی لە 60% یان گەیشتە ئەم ڕێژەیە وە 40%گەیشتنە 4%

- پاش سالی 2013 لە ئەفریقیا جۆرێک لە گۆڕانکاری لەکەرتی گەشتوگوزار دروستبوو ئەمەش بەهۆی ڕەنگدانەوەی بەهاری عەرەبی و دروستبوونی شۆشی جۆراوجۆر و دروستبوونی ئارەزووی سەردانیکردنی ئەوناوچانە
- ئەفریقیا لە ڕووی کشتوکالیەوە پشت بە جۆرەها بەرووبووم دەبەستێ کە هەناردەی ولاتانی دەکات وەک [کاکاو، خورما، ڤانێلا، مۆز، لۆکە، شەکر، چای ] وە تەنانەت گیانداریش وەک مەڕوبزن
- کیشوەری ئەفریقیا لە 12%یەدەگی نەوتی جیهانی هەیە
- بەپێی هەندێک ڕاپۆرتی لە بەنگی گەشەکردنی ئابوری ئەفریقیا لە سالی 2018تا2019 گەشەی ئابووری لە 3,5%بووە بە 4%
- ئەفریقیا لە کەرتی ئابووری بەڕێژەی 30% پشت بەدەرهێنانی کانزا دەبەستێ کە لە 40%ی ئەم ڕێژەیە بۆیۆر انیۆە و 19%بۆ زێڕە وە لە 50%داهاتی جیهانی ئەلماس لە کیشوەری ئەفریقیایە